www.kurdistannet.org
31-7-2003 0:39

# بەبۆنەی چوارەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی میدیاتیڤی

جەمال جاف

ئەمڕۆ چوارەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی چرای نەتەوەی کورد، ئەستێرەی ئاسمانی کوردستان ئەو ڕۆناکیەی کە دڵو دەرونی هەموو کوردێکی لە هەرچوار پارچەی کوردستان و گۆشەی جیهان ڕۆناککردەوە. هەموو مان دەزانین کە گەلی کورد لە مێژوی تێکۆشانی خۆیدا بەهۆی نەبوونی سەرچاوەکانی ڕاگەیاندنی پێویست و تەکنۆلۆژیا، هەردەم لە پەراوێزی ڕوداوەکاندا دەماو تەنانەت کاتێك کە دوژمنە دڕندەکانیشمان کۆمەڵکوژیان لە دێرسیم، گەلی زیلان، هەڵەبجە ئەنجام دەدا، جیهانی کەڕولال بێ زمان، بێ چاو و گوێ دەما، بەلاّم بەڕاستیش سەرهەڵدانی نەتەوەیی بەپێشەنگایەتی PKK توانی ئەم بۆشاییە پڕبکاتەوە و هەڵسا بە پشت بەستن بە هێز و وزەی جەماوەر و بە پێچەوانەی ڕاپەرینەکانی پێش خۆی چاوی نەبڕیە چین و توێژی سەرەوەی کۆمەڵگای کوردی و دەوڵەتانی دەرەوە، لەسەر ئەو بنەمایە توانی گەورەترین کەناڵی ئاسمانی کوردی بێنێتە مەیدان و لەڕێگای ئەوە خۆی بگەیەنێتە هەموو کەس، ماڵ، گوند و شارەکانی کوردستان و دەرەوەی وولاّت.

لەکاتێکدا کە دەوڵەتی تورکیا شمشێڵە ژەنگاویەکەی هەڵدەتەکاند و شان بە شانی ئەو ڕێکخستنانەی کە لە ژێر ناوی کورد و کوردستان شۆڕشی چەواشەیان ئەنجام دەدا، لە حەسرەتی ئەوەدابوون چۆن ڕۆژێك شۆڕی نەتەوەیی لەناوببەن، لە کاتێکدا ئەمانە لە ژێر ناوی پاراستنی حکومەتە ساوەیەکی هەرێم، دژایەتی تیرۆریزم، لەناوبردنی جوداخوازان چەقۆکانیان تیژکردو و بەهەموو شێوەیەك وەردەگەڕانە سەر گیانی پاکی ئەو کچ و کوڕە لەخۆبوردوە شۆڕشگێڕانە، تەلەفزیۆنی (مەد) وەك وەحی لە ئاسمان هاتەخوارەوە و پەردە و دەمامکی لەسەر کۆڵۆنیالیزم و خیانەتکاری هەرێمی هەڵگرت، کاتێك کە پێشەوای کورد و سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان بەڕێز عبداللە ئۆجالان بە گەلەکۆمەیەکی نێودەوڵەتی دەستگیرکرا، تەلەفزیۆنی ئاماژەبۆکراو گەورەترین ڕۆڵی بینی لە هۆشیارکردنەوەی گەلی کورد و هاندانیان بۆ بەگژداچونی ئیمپریالیزم، داگیرکاری، خیانەتکارانی ناوخۆی کوردستان. بەلاّم زۆری پێنەچوو هەر دوابەدوای گەلەکۆمە ئەو کەناڵە زێرینە بووە ئامانجی هێزەکانی پشت پەردەو جارێکی تر چرای ئاهۆرامەزدا کوژایەوەو تاریکی و بێدەنگی باڵی بەسەر جیهانی کورددا کێشا، بەلاّم لەبەر ئەوەی ئەو بزووتنەوە شۆڕشگێرە پشتی بە کانیاوێك بەستبوو کە ووشکبونی مەحاڵ بوو، لەبەرئەوەی ئەو بزووتنەوەیە خاوەنی سەرکردەو کادرێکی وەهابوو کەهەرگیز وەکو سەرهەڵدانەکانی پێشو مەرج نەبوو بە ئاسانی دامرکێتەوە، بەیارمەتی ڕۆشەنبیران، خوێندکاران، کارساز و پیشەکاران ئەم جارەیان تەلەفزیۆنی Medyaهەڵسایە سەرپێو بەڕوناکی چراکانی نەك بەتەنیا دڵودەرون و ماڵی کوردی ڕۆناککردەوە بەڵکو هەربەو چرایە چاوی دوژمنانی کوێرکرد. ئەم جارە دوژمنان گەیشتنە ئەو ئاستە کە بڵێن؛ (دارکرمی لەخۆی نەبێ تەمەنی هەزارساڵە) و هەڵسان بە دروستکردنی دوو سەتالایتی تری کوردی لە باشوری کوردستان بۆ بەرەنگاری کردنی میدیاتیڤی، ئەمە هەرچەند پیلان و نەخشەو بەرهەمی تورکیای فاشیست بوو بەلاّم ئەوڕۆ هیواداریین بەپێچوانە بسوڕێتەوە.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لێی بەرپرسیارنییە.